# The Rights of Privately Sponsored Refugees

مافی ئەو پەنابەرانەی بە تایبەتی سپۆنسەر کراون

بەخێربێن بۆ کەنەدا! ئەگەر تۆ پەنابەرێکیت کە لە کەنەدا (جگە لە ناوچەی کوبێک **"Quebec"**) دەژیت و بە تایبەتی سپۆسەر کراویت، ئەم زانیاریانە تایبەتن بە تۆ.  ئەگەر لە ناوچەی کوبێک دەژیت، تکایە پەیوەندیی بە بەشی کۆچبەران، *Diversité et Inclusion* بکە بۆ زانیاریی زیاتر.

سپۆنسەری تایبەتی واتە کۆمەڵێک کەس لە کەنەدا داواکاریان پێشکەش کردوە بۆ ئەوەی تۆ بهێنن بۆ ئێرە، وە پابەندن بە دابینکردنی هاوکاری و پارە بۆ خەرجیە بنەڕەتیەکانت لە ماوەی سپۆنسەرەکەدا.

ئەم بڵاوکراوەیە باسی **مافەکانی** تۆ و ئەرکی سپۆنسەرەکان دەکات. هەروەها باسی ئەوە دەکات دەبێت چی بکەیت **کاتێک نیگەرانیەکت هەیە دەربارەی بەرنامەی سپۆنسەریەکە، یان کاتێک پێتوایە ئەو هاوکاریانە وەرناگریت کە مافی خۆتن.**

سپۆنسەرە تایبەتەکان کێن؟

سپۆنسەرە تایبەتەکان ئەو خۆبەخشانەن کە یەکیانگرتوە بۆ ئەوەی سپۆنسەری تۆ بکەن تا بگەیت بە کەنەدا. پابەندن بە دابینکردنی هاوکاریی دارایی و نیشتەجێبوون. لەوانەیە سپۆنسەرەکانت بناسیت، لەوانەیە هاوڕێ یان ئەندامانی خێزانەکەت بن،  یان لەوانەیە کەسانی نەناسراو بن کە دەیانەوێت یارمەتیت بدەن و لە چەند مانگی داهاتوودا دەیانناسیت.

ماوەی بەرنامەی سپۆنسەرەکە چەندە؟

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ماوەی بەرنامەی سپۆنسەر یەک ساڵە. لە چەند حاڵەتێکی دەگمەندا، لە ساڵێک تێدەپەڕێت ئەگەر بەشی (Immigration, Refugees and Citizenship Canada (IRCC لە حکومەتی کەنەدا   پێش گەیشتنی تۆ بۆ وڵاتەکەمان داوا لە سپۆنسەرەکان بکات کە هاوکاریەکانی خۆیان بۆ زیاتر لە ساڵێک درێژ بکەنەوە.  ئەگەر ماوەی بەرنامەی سپۆنسەرەکەت لە ساڵێک زیاترە، ئەوا *IRCC* ئاگاداری کردویتەتەوە.

دەبێت چی لە سپۆنسەرەکانەوە وەربگریت؟

1) هاوکاریی دارایی بۆ دابینکردنی خەرجیە بنەڕەتیەکانیت بۆ ماوەی یەک ساڵ یان ئەو کاتەی دەتوانیت پشت بە خۆت ببەستیت، هەرکامیان زووتر بێت.

سپۆنەسەرەکەت بەرپرسە لە رووی داراییەوە هاوکاریت بکات لە ماوەی ساڵی یەکەمت لە کەنەدا یان تا ئەو کاتەی دەتوانیت پشت بە خۆت ببەستیت، هەرکامیان زوتر بێت. هاوکاریەکان لەوانەیە یارمەتیی مادیی راستەوخۆ بێت، بەڵام سپۆنسەرەکە دەتوانێت کەلوپەلیشت پێبدات، وەک مۆبیلیات، پێداویستیی ناوماڵ، جل و بەرگ.

دەبێت ئەوەندە پارەت پێبدرێت یان کەلوپەلت پێببەخشرێت کە بتوانیت ئەمانە دابین بکەیت:

*a)* نشینگە (ژورێک، شوقەیەک یان خانویەک کە تیایدا بژیت)
*b)* خواردن
*c)* جل و بەرگ
*d)* هاتوچۆی ناوخۆیی (وەک پاس یان شەمەندەفەر)

ئەگەر بەپێی Blended Visa Office-Referred (BVOR) Program، حکومەتی کەنەدا مانگانە چەکێکت پێدەدات بۆ دابینکردنی خەرجیە بنەڕەتیەکانت بۆ ماوەی ٦ مانگ، وە لە مانگی دووەمی مانەوەت لە کەنەدا دەستپێدەکات.
کۆمەڵەی سپۆنسەرەکەت بەرپرسن لە:

- دابینکردنی پارە و کەلوپەک بۆ دامەزراندنی ماڵەکەت، وەک مۆبیلیات، پێداویستیی چێشتخانە، بەرهەمەکانی پاککردنەوە، پێخەف، هەندێک خواردن، پارەی خەوێندراو بۆ کرێ و پێداویستی، هەندێک جل و بەرگ، هتد. هەندێک لەم کەلوپەلانە دەکرێت بەخشراون.
- پێدانی بڕە پارەیەک یان هەندێک کەلوپەل بۆ پڕکردنەوەی خەرجیە بنەڕەتیەکانت (کە لە سەرەوە ریزکراون) بۆ مانگی یەکەمی ئەو ماوەیەی لە کەنەدایت.
- پێدانی بڕە پارەیەک یان هەندێک کەلوپەل بۆ پڕکردنەوەی خەرجیە بنەڕەتیەکانت (کە لە سەرەوە ریزکراون) بۆ کۆتا ٥ مانگی بەرنامەی سپۆنسەرەکە یان تا ئەو کاتەی دەتوانیت پشت بە خۆت ببەستیت، هەرکامیان زووتر هاتن.

ئەگەر لە ماوەی ساڵی یەکەمت لە کەنەدا کارت دۆزیەوە، ئەوا سپۆنسەرەکانت دەتوانن بڕی ئەو پارەیە کەم بکەنەوە کە وەک هاوکاری پێت دەدەن. ئەگەر بتوانیت بە تەواوی هاوکاریی خۆت و خێزانەکەت بکەیت، کۆمەڵەی سپۆنسەرەکان پێویست ناکات لە دابینکردنی هاوکاریی داراییت بەردەوام بن؛ بڕیاری ئەوەی کە لەو هاوکاریە بەردەوام بن یان نا بەدەست ئەوان نیە. سەرەڕای ئەوەیش، ئەگەر لە ماوەی بەرنامەی سپۆسەر کارەکەت لەدەست بدەیت، دەبێت سپۆنسەرەکانت دوبارە دەستکەنەوە بە دابینکردنی هاوکاریی دارایی. بە کوردی، **دەبێت سپۆنسەرەکات دڵنیابنەوە کە لە ماوەی بەرنامەی سپۆنەریەکەتدا، تۆ دەتوانیت هەموو ئەو خەرجیە بنەڕەتیانەی سەرەوە دابین بکەیت.** باشترە لەگەڵ کۆمەڵەی سپۆنسەرەکەدا قسە بکە بکەیت و بزانیت تا چ رادەیەک دەتوانن هاوکاریت بکەن ئەگەر دەست بە کار بکەیت.

ئەگەر بڕی پێویست پارەت هەبێت بۆ هاوکاری کردنی خۆت و خێزانەکەت، ئەوا کۆمەڵەی سپۆنسەر بەرپرس نین کە هاوکاریی داراییت بکەن. ئەگەر لەگەڵ خۆت پارەت هێناوە بۆ کەنەدا، کۆمەڵەی سپۆنسەر دەتوانن داوات لێبکەن لەو پارەیە خەرجیەکانی ژیانی خۆت لە کەنەدا دابین بکەیت. لە کۆتاییدا، سپۆنسەرەکان بەرپرسن کە بزانن پارەی پێویستت هەیە پێداویستیە بنەڕەتیەکانی خۆت پڕبکەیتەوە.

جۆری ماڵەکە و ئەو کەلوپەلانەی وەریدەگریت لەسەر ئەو پارەیە بەندە کە کۆمەڵەکە بۆ تۆی کۆدەکەنەوە. هەرچەندە ئەو کەلوپەل و نشینگەی وەریدەگریت لەوانیە نایاب نەبێت، بەڵام دەبێت گونجاو بێت. نشینگەکەت دەبێت بەشی هەموو خێزانەکەت بکات، وە دەبێت ئەوەندە پارەت هەبێت کە خواردنی پێویست بکڕێت و خێزانەکەت لە دۆخێکی تەندروست و باشدا بەخێو بکەیت.

دەگەنجێت پەنابەرەکانی تر کەلوپەل و پارەی زیاتر یان کەمتر لە تۆ وەربگرن. هۆکارەکەی ئەوەیە هەندێک کۆمەڵەکەی سپۆنسەر توانیویانە پارەی زیاتر بۆ بەرنامەی سپۆنسەریەکەیان کۆبکەنەوە، هەندێکیشیان تەنها بڕێکی کەم لە پارەی پێویستیان کۆکردوەتەوە. یان لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێت  هەندێک کۆمەڵەی سپۆنسەر  کرێ و کەلوپەلی ناوماڵی بێبەرامبەریان بۆ ئەو پەنابەرە کۆکردبێتەوە کە سپۆنسەریان کردوە، بۆیە مانگانە پارەی کەمتریان پێدەدەن، ئەمە لەکاتێکدا کۆمەڵە سپۆنسەریەکانی تر مانگانە کەلوپەلی کەمتر و پارەی زیاتر دەدەن. هەموو کۆمەڵەکان جیاوازن. بەلایەنی کەمەوە، سپۆنسەرەکان دەبێت ئاستێکی هاوکاری پێشکەش بکەن کە یەکسان بێت بە یارمەتیی کۆمەڵایەتیی هەرێمەکەت و **دەبێت ئەوەندە هاوکاریت پێشکەش بکەن کە هەموو خەرجیە بنەڕەتیەکانی خۆت پڕبکەیتەوە.**

گرنگە لە یادت بێت کە ئەو پەنابەرانەی لە چەندین ریزبەندیی جیاوازەوە دێن (وەک Government Assisted Refugees) مافی جیاوازیان هەیە.

2) هاوکاریی نیشتەجێبوون بە درێژایی ماوەی بەرنامەی سپۆنسەریەکە.

دەبێت سپۆنسەرەکانت یارمەتیت بدەن دابمەزرێیت و بە ژیانی کەنەدا رابێیت. ئەمەش چەندین ئەرک دەگرێتەوە، وەک (بەڵام بەتەنها ئەمانە ناگرێتەوە):

- **نیشتەجێبوون**
  - دۆزینەوەی نشینگە بۆت، یان یارمەتیدانت لە دۆزینەوەی نشینگە.
- **ئاشناکردن**
  - فێرکردنت دەربارەی بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی، وەک پاس و شەمەندەفەر
  - پیشاندانی شوێنەکەکە بە تۆ و یارمەتیدانیت لە دۆزینەوەی نزکترین دوکانی میوە فرۆشی
  - شیکردنەوەی یاساکانی کەنەدا بۆت.
- **چاودێری تەندروستی**
  - یارمەتیدانت بۆ پێشکەشکردنی داوا بۆ کارتی تەندروستیی هەرێمی و
  - Interim Federal Health Program (IFHP)
  - دۆزینەوەی پزیشک، دانساز و خزمەتگوزاریە پزیشکیەکانی تر
  - شیکردنەوەی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی
- **پەروەردە**
  - یارمەتیدانت لە خۆتۆمارکردن بۆ وانەی ئینگلیزی و فەرەنسی
  - یارمەتیدانت لە تۆمارکردنی منداڵەکانت لە قوتابخانە.
- **بەڵگەنامە و خزمەتگوزاریە گرنگەکان**
  - یارمەتیدانت کە کردنەوەی ئەژماری بانکی، داواکردنی Social Insurance Number وە ئەگەر منداڵت هەبێت، دەبێت یارمەتیت بدەن لە داواکردنی Canada Child Benefit.
- **وەرگێران**
  - دابینکردنی وەرگێر لە کاتی پێویست.
- **دامەزراندن**
  - گەیاندنی تۆ بە خزمەتگوزارییەکانی گەڕانی کار.
- **سەرچاوە و خزمەتگوزاریەکان**
  - گەیاندنی تۆ بە سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکان، وەک کارمەندی نیشتەجێبوون. (بۆ دۆزینەوەی خزمەتگوزاریەکانی کۆچبەران لە ناوچەکەی خۆت، سەردانی ئەم بەستەرە بکە: http://www.cic.gc.ca/english/newcomers/map/services.asp

سپۆنسەرەکان دەبێت هاوکاریی **سۆزداری و ئەخلاقیشت** بکەن کاتێک بە ژیانی نوێی کەنەدا رادێیت.

**بەرپرسیارێتیەکانی نیشتەجێبوونت چین؟**

هەر کە دەگەیتە کەنەدا، دەبێت ئەوپەڕی توانای خۆت بخەیتە گەر بۆ ئەوەی بە زووترین کات پشت بە خۆت ببەستیت. ئەمە لەوانەیە ئەمانە بگرێتەوە؛ خوێندنی کۆرسی فەرەنسی و ئینگلیزی، پەیوەندیکردن بە کارمەندی نیشتەجێبوون بۆ یارمەتیدانت تا لەگەڵ ژیانی کەنەدا رابێیت، وە گەڕان بەدوای کار ئەگەر بتوانیت. هەرچەندە داوات لێناکرێت لە ماوەی ساڵی یەکەمت لە کەنەدا کار بکەیت و هاوکاریی خۆت و خێزانەکەت بکەیت، بەڵام پێمانباشە پلانێکت هەبێت کە بە نیازیت چۆن هاوکاریی خۆت و خێزانەکەت بکەیت دوای تەواوبوونی ماوەکە.

**چی رودەدات ئەگەر بریار بدەیت بۆ شارێکی جیاواز لە کەنەدا بگوازیتەوە؟**

دەتوانیت باربکەیت بۆ هەر شوێنێکی کەنەدا کە بتەوێت. بەڵام ئەگەر خۆبەخشانە بریار بدەیت بگوازیتەوە بۆ ناوچەیەکی جیاواز لە کەنەدا، سپۆنسەرەکانت لەوانەیە نەتوانن هاوکاریی دارایی و نیشتەجێبوونت پێشکەش بکەن. بۆ ئەوانەی تازە هاتون و هاوکاری لە حکومەت وەردەگرن، لەوانەیە مافی ئەوەت نەبێت هاوکاریی دارایی زیاتر لە **IRCC** وەربگرن بۆ پاشماوەی ماوەی بەرنامەی سپۆنسەریەکە.
سپۆنسەرە تایبەتەکان پابەندن بە پشتگیری کردنت لەسەر بنەمای تێگەیشتنی تۆ کە لە کۆمەڵگاکەی ئەواندا دەژیت.
هەرچەندە مافی ئەوەت هەیە بۆ هەرشوێنێک بگوازیتەوە لە کەنەدا، بەڵام سپۆنسەرە تایبەتەکان تەنها ئەوەیان لەسەرشانە کە لە ساڵی یەکەمدا هاوکاریت بکەن کاتێک لە کۆمەڵگاکەی ئەواندا دەژیت. ئەگەر بار بکەیت، سپۆنسەرەکان دەبێت هەوڵبدەن کۆمەڵەیەکی سپۆنسەریت بۆ بدۆزنەوە لە ناوچە نوێکەت. سەرەڕای ئەوە، ئەگەر نەیانتوانی ئەو کۆمەڵە بدۆزنەوە، لەوانەیە چیتر هاوکاریی زیاتر وەرنەگریت.

**سپۆنسەرەکان رێگەیان پێنادرێت چی بکەن؟**
سپۆنسەرەکان بۆ هاوکاری تۆ یەکیانگرتووە. رێگەیان پێنادرێت ئەمانەی خوارەوە بکەن:

- نابێت هیچ پارەیەک پێش گەیشتنت لە تۆ وەربگرن تا بیدەن بە بەرنامەی سپۆنسەرەکەت، وەک هیچ تێچوو و پارەیەک بۆ خەرجیەکانی ژیانت لە کەنەدا (تەنانەت ئەگەر بیشڵێن دواتر پارەکەت دەدەنەوە)
- نابێت دوای گەیشتنت هیچ پارەیەکت لێ وەربگرن بۆ قەرەبوو کردنەوەی سپۆنسەر کردنی تۆ (ئاگاداربە لەوانەیە داوات لێبکەن ئەو پارەیان پێبدەیت کە لەگەڵ خۆت هێناوتە بۆ ئەوەی لە خەرجیەکانی خۆتدا هاوکاریت بکەن)
- نابێت زۆرت لێبکەن بۆ کارکردن
- نابێت داوات لێبکەن بێبەرامبەر کاریان بۆ بکەیت
- نابێت بۆ کردنی هەر کارێک زۆرت لێبکەن کە خۆت پێی ئاسوودە نیت

سپۆنسەرەکان پابەندن خۆبەخشانە هاوکاریت بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ژیانی کەنەدا رابێیت، وە نابێت چاوەڕێی هیچ شتێک بکەن لە بەرامبەردا.

## ئەگەر هاوکاریی پێویست لە سپۆنسەرەکان وەرناگریت، دەبێت چی بکەیت؟

ئەگەر پێتوایە سپۆنسەرەکان ئەو هاوکاریانە پێشکەش ناکەن کە لەسەر شانیانە، نیگەرانیەکانی خۆت بگەیەنە بە سپۆنسەرەکە ئەگەر ئامادە بوون. ئەگەر لە ڕێگەی ڕێکخراوێکەوە (بۆ نمونە، Sponsorship Agreement (Holder) سپۆنسەریان کردویت، نیگەرانیەکانت بە ڕێکخراوەکە بگەیەنە. ئەگەر هیشتا هاوکاریەکان وەرناگریت، یان دەترسیت نزیکی سپۆنسەرەکە ببیتەوە، دەبێت پەیوەندیی بە **Immigration Refugees and Citizenship Canada (IRCC).** بکەیت. پەیوەندیکردن بە IRCC هیچ لێکەوتەیەکی خراپی نابێت، وە کاریگەری لەسەر دۆخی ئیقامەی هەمیشەییت دروست ناکات. IRCC هەوڵدەدات چارەسەرێک بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە.

دەتوانیت بەم ڕێگانە پەیوەندیی بە IRCC بکەیت:

- **ئیمێڵ ناردن بۆ** IRCC.INPSR-PPPRRI.IRCC@cic.gc.ca **پەیوەندیکردن**
- **بە ناوەندیی پەیوەندیی گشتیی** IRCC **بە ڕێگەی** 1-888-242-2100

لە کۆتاییدا دەتگەیەنن بە ئۆفیسی خۆجێیی IRCC ( زۆربەی جار ئۆفیسی IRCC لە ناوچەکەی خۆت بوونی هەیە).

ئۆفیسی خۆجێیی IRCC دەربارەی حاڵەتەکە پرسیارت لێدەکەن، وە لەوانەیە قسە لەگەڵ کۆمەڵەی سپۆنسەریەکەت بکەن. هەوڵدەدەن زانیاری کۆبکەنەوە، وەک تا چ ڕادەیەک هاوکاریی دارایی و نیشتەجێبوونت وەرگرتووە، وە هۆکاری ئەوە چیە هاوکاریی پێویست وەرناگریت. لە کاتێکدا ئەم لێکۆڵینەوانە دەکەن، ئەگەر ئۆفیسی خۆجێیی IRCC بۆی دەربکەوێت بە دەستبەجێ پێویستت بە هاوکاریی دارایی هەیە، لەوانەیە دەستبەجێ هاوکاریی دارایی و نیشتەجێبوون وەربگریت. ئەگەر بۆیان دەربکەوێت کە تۆ هاوکاریی پێویست وەرناگریت و کۆمەڵەی سپۆنسەر ناتوانن یان نایانەوێ هاوکاریی زیاترت بۆ دابین بکەن، ئەوا "sponsorship breakdown" ڕادەگەیەنن. ئەمەش واتە کۆمەڵەی سپۆنسەر چیتر بەرپرس نین بە دابینکردنی هاوکاریی دارایی و نیشتەجێبوون لە ماوەی بەرنامەی سپۆنسەر. لەم حاڵەتەدا:

- کۆمەڵەیەکی سۆنسەری ترت بۆ دابین دەکرێت، یان
- هاوکاریی حکومەتت پێدەگات، یان
- ئاگادار دەکرێیت کە دەتوانیت داوای هاوکاریی کۆمەڵایەتیی هەرێمی بکەیت.

بەپێی بارودۆخی حاڵەتەکە، لەوانەیە هەندێک دەرئەنجامی بۆ کۆمەڵەی سپۆنسەر هەبێت. بۆ نمونە، لەوانەیە داوایان لێبکرێت پارەی هاوکاریەکانی حکومەت یان هاوکاریی کۆمەڵایەتیی هەرێمی بدەن کە پێشکەشی تۆ دەکرێت.

گرنگە لەیادت بێت چارەسەر و دەرئەنجامەکان لەسەر بنەمای حاڵەت بە حاڵەت لە لایەن IRCC یەکلا دەکرێنەوە.

## چی بکەیت ئەگەر بە خراپ مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت یان سوکایەتیت پێدەکرێت؟

ئەگەر پێتوایە لەلایەن سپۆنسەرەکانەوە بە خراپی مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت یان سوکایەتیت پێدەکرێت، تکایە دەستبەجێ پەیوەندیی بە IRCC بکە بە رێگای IRCC.INPSR-PPPRRI.IRCC@cic.gc.ca. ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکی مامەڵەی خراپ و سوکایەتین:

- هەڕەشە لێکردن؛
- زۆر لێکردن بۆ ئەوەی پارە بە سپۆنسەرەکان بدەیت؛
- رێگەت پێنەدەنماڵەکە بەجێبهێڵیت؛
- زۆرت لێ بکەن کار بکەیت؛
- زۆرت لێبکەن ئەو شتانە بکەیت کە پێیان ئاسوودە نیت.

بۆ هەر حاڵەتێکی جددی و کتوپڕ، پەیوەندیی بە پۆلیسەوە بکە. ئەگەر حاڵەتەکە لەناکاوە، پەیوەندیی بکە بە 911 بۆ هاوکاریی دەستبەجێ. حاڵەتە کتوپڕەکان ئەمانە دەگرنەوە (بەڵام سنووردار نین بەمانە):

- ئەگەر کەسێک لەگەڵ خۆت یان خێزانەکەت توندوتیژە؛
- ئەگەر ترست هەیە کەسێک بەرامبەر خۆت یان خێزانەکەت توندوتیژ بێت؛
- ئەگەر هەست دەکەیت بە خراپ مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت، وەک پێشێلکاریی جەستەیی و سێکسی.

## چی ڕەدەدات ئەگەر نیگەرانیەکانت بگەیەنیت بە IRCC؟

ئەگەر داوای یارمەتی لە IRCC بکەیت کاتێک هاوکاریی دارایی و نیشتەجێبوونی پێویست لە سپۆنسەرەکانتەوە وەرباگریت، هیچ لێکەوتەیەکی خراپی نیە، بەهان شێوە ئەگەر نیگەرانیەکت دەربارەی بەرنامەی سپۆسەر هەیە، وەک خراپ مامەڵە کردن یان سوکایەتی پێکردن.

ئەگەر نیگەرانیەکانت بە IRCC بگەیەنیت، هیچ مەترسیەک لەسەر لەدەستدانی دۆخی ئیقامەی هەمیشەییت لە کەنەدا دروست نابێت. دۆخەکەت وەک خۆی دەمێنێتەوە، وە IRCC هەوڵدەدات چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە کە روبەڕوی بوویتەتەوە.

### مافەکانت چین؟

مافی ئەوەت هەیە هەموو نیگەرانیەکانت دەربارەی کۆمەڵەی سپۆنسەرەکەت بگەیەنیت. بۆ نمونە، ئەگەر نیگەرانیت کە سپۆنسەرەکان وێنە و زانیاریی تۆ بەبێ رەزامەندیی خۆت بڵاودەکەنەوە، یان لە جیاتی تۆ بریار دەدەن، مافی ئەوەت هەیە نیگەرانیەکانت بگەیەنیت بە سپۆنسەرەکانت.

هەروەها مافی ئەوەت هەیە هاوکاریی دارایی و نیشتەجێبوون لە سپۆنسەرەکانت وەربگریت بەو شێوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە.
مافی خۆتە بۆ گەیاندنی هەر نیگەرانیەک پەیوەندیی بە IRCC بکەیت، وە پەیوەندیی بە پۆلیسەوە بکەیت ئەگەر پێویست بوو.

**لە کوێ دەتوانیت زانیاریی زیاتر بدۆزیتەوە؟**

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە بە **Refugee Sponsorship Training Program (RSTP)**:

تەلەفۆن: 1-877-290-1701
ئیمێڵ: info@rstp.ca
فاکس: 416-290-1710
ماڵپەڕ: www.rstp.ca

© ٢٠١٦، Catholic Crosscultural Services و Refugee Sponsorship Training Program. ئەم بەڵگەنامەیە بە مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە و بەمەبەستی بەکارهێنانی مۆڵەتپێدراو داڕێژراوە. ئەگەر مۆڵەتت نیە و دەتەوێت ئەم کەرەستە بەکاربهێنیت، هەمووی یان بەشێکی، تکایە پەیوەندیی بکە بە resources@rstp.ca